www.kurdistannet.org
7-7-2006 0:14 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## جەزا چینگیانی بە خۆیدا هەڵدەڵێ و خەڵکیش دەشکێنێت ... خوێنەرێکی بەردەوامی کوردستاننێت

خوێنەرێک بە ناوی "مەحموود" لە کوردستاننێت زۆر زیرەکانە ئەوەی ئاشکرا کردووە، کە "جەزا چینگیانی" بە ناوی خوازراوی "ئازاد عەلی" وە لە کوردستانپۆست بە خۆیدا هەڵداوە. منیش وەکو خوێنەرێکی گشتی، نەوەک خوێنەرێکی تایبەتی "جەزا" چووم بابەتەکەم خوێندەوە و بۆم دەرکەوت کاک "مەحموود" سەد لە سەد ڕاستی بۆ چووە.

جەزا بە خۆی گوتووە "مامۆستای گەورە". جڵەوی بۆ قەڵەمەکەی شل کردووە هەتا بە ئارەزووی خۆی وەسفی شان و باڵی بکات. "جەزا چینگیانی" لەسەرەوە وا خۆی دەردەخات، کە دوژمنی بیروباوەری سەلەفیەتە، کەچی ئەوەتە لەژێرەوە خۆی کردووە بە شێخێکی زۆر گەورە. تەنانەت دەڵێ ئەگەر مردیش ئەوە خەڵک پۆل پۆل دینە سەر مەزارەکەی و دەڵێن ئەوە ڕۆشەنبیرێکی زۆر گەورە بووە. ئێمە هەر زانیومانە لە فیکری سەلەفییەکاندا گۆڕی پیاوچاکان قودرەتی هەبێت و کار لە خەڵک بکات. نەخۆشیان بخات و چاکیان بکاتەوە، بەڵام وا "جەزا" خۆشی خستە ریزی ئەوانەوە. جا خۆ ناوەکەشی بە هی ئەسحابەکان دەچێ.

"جەزا چینگیانی" هەر بەوە ناوەستێ ئاوا بە شان و باڵی خۆیدا هەڵبڵێ، بەڵکو کۆمەڵێک کەسیش دەشکێنێ. هەموویان قەیناکا، بەڵام ئەو قسانەی بە "حەمە سەعید حەسەن"ی گوتووە زۆر نابەجێن، نەوەک لەبەر ئەوەی "حەمە سەعید حەسەن" شایانی ئەو قسانە نیە، نەخێر چونکە ئەو "جەزایە" بە "حەمە سەعید"ی گوتووە دەبێ ڕۆژی لەدایکبوونت بکرێتە ڕۆژی لە دایکبوونی ڕەخنەی کوردی. ئێستاش هاتووە کردوویەتی بە دز و بەرتیلخۆر و کۆمەڵێک شتی ناشیرینتریش.

"جەزا چینگیانی" ئەوە یەکەم جاری نیە بە ناوی خوازراوەوە لەسەر خۆی دەنووسێ. زۆر جار چووە خۆی شکاندووە و هەرچی جوێنی ناشیرینە بە خۆی داوە، هەر بۆ ئەوەی ناوی بهێنن. کاک عومەر فارسی بەڕێوەبەری کوردستاننێت پرسی پێ کردووە، کە ئاخۆ چی لە بابەتانە بکات، ئەویش گوتوویەتی بڵاویان بکەرەوە. زۆر جاریش باسی قژە درێژەکەی خۆی کردووە وەک بڵێی نەماندیبێ.
کاک "مەحموود" ڕاست دەکات، "جەزا" هەتا نەزانین ئەو بابەتە هی خۆیەتی چووە بە شێوەی هەولێری نووسیویەتی، بەڵام من خۆم چوار ساڵ لە هەولێر ژیاوم و هەولێرییەکی باش دەزانم، بۆیە پێکەنینم پێ هات. نووسیویەتی شتێک و لەناو دوو کەوانەش نووسیویەتی "تشتەک". هەولێری ناڵێ تشتەک، بەڵکو دەڵێ چشتەک. دوایی هەولێری وەکو سلێمانی و کەرکوکی شارەکانی تری کوردستان دەنووسن. خۆ سلێمانییەکانیش بەو شێوەیە نانووسن، کە خەڵک لە سلێمانی قسەی پێ دەکەن.

ئەگەر ئەو "ئازاد عەلی"ە "جەزا" خۆی نیە، با یەک ئیمەیلیمان بۆ بڵاو بکاتەوە، کە پێشتر بۆی ناردووە، چونکە ئەگەر ڕاست بێ، کە دەزانم ڕاست نیە، ئەوە دەبێ زۆر پەیوەندیەکی بەتینیان پێکەوە هەبێ. یەکێ ئەوەندە عەشقی نووسینەکانی "جەزا" بێت و ڕۆژانە تەنها بەدوای بەرهەمی ئەو مامۆستایە گەورەیدا بگەڕێ و کۆپییان بکات، دیارە چەند ئیمێلێکی هەر بۆ ناردووە. هەر دوو قۆڵم لە بنا دەبڕم ئەگەر "ئازاد عەلی" هەر "جەزا چینگیانی" نەبێ.